


# مارکسیزم و ڕەوتی مێژوو

74 ساڵ بەر لە ئێستا بوو کە بۆ یەکەم جار سیستەمی سۆسیالیزم لە ولاتی بەرینی شووڕەوی هاتە سەر حوکم و حیزبی کۆمۆنیست وەک حیزبێکی تاقانە و وەک قافڵەسالاری کاروانی خێر و خۆشی بۆ چینی زەحمەتکێشی جیهان!! بوو بە دەسەلاتداری بێشەریک و بێوەزیر و بەقسە بوو بە پێشڕەوی کاروانی خەبات لە دژی هەموو دیاردەیەکی کۆنەپەرستیی و گشت شوێنەوارێکی کاپیتالیستی.




ڕێبەرانی ئەوکاتەی حیزبی بەلشەویک وەک کۆمۆنیستی تەواوعەیار و بێدڵەو، هەموو تواناکانیان لە ڕێگای پیادەکردنی نیزامی سۆسیالیزم دا بە چەشنێک کە موبەموو لەگەڵ ئوسوولی مارکسیزم بێتەوە، وەکارخست. بەپێی ئەو ئوسوول و تەعلیماتانە دیکتاتۆرییەکی موتڵەق و بێهەوسار بە نێوی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا لە لایەن مارکسیستە نابەکانی حاکمەوە بەسەر چینی پرۆلیتاریا و زەحمەتکێشان دا سەپا، دەرووی دەربڕینی بیروڕا لە کۆمەلانی جەماوەر بەسترا، بیروباوەڕی جیا لە بیروباوەڕی کۆمۆنیزم بە تاوانی لەبەخشیننەهاتوو داندرا، لە قامووسی ئەو مارکسیستە تۆخانەدا مافی مرۆڤ شوێنی لە ئیعرابدا نەما. دینداریی، میللیەت، نیشتمانپەروەریی، پێوەندی خێزانیی، فەزائیلی ئەخلاقیی و ...... بە دیاردەی دواکەوتوویی و کۆنەپەرستیی و بە دیاری سیستەمی سەرمایەداریی و بە قوڵەچۆماغی دەستی کاپیتالیست و چەوسێنەرانی زەحمەتکێشان لە قەڵەم دران و بە شێوەی جۆربەجۆر کەوتنە بەر پەلاماری حیزبی کۆمۆنیست و سەرکردە مارکسیستەکانی.

هۆگران و لایەنگرانی ئەو دیاردە پیرۆزانە کە بەبێ وان قاپێلکێکی بێڕوح نەبێ نییە، لە هەموو لایەکەوە کەوتنە بەر تیغی دیکتاتۆریی، بە ملوێن کوژران و گیران و ئازاردران و پەرتەوازە کران. گەلانی جیاجیای ئەو وەلاتانەی ژێر دەسەلاتی حیزبی کۆمۆنیست لەژێر نێوی برینەوەی ئاسەواری سەرمایەداریی‌دا خرانە ژێر مەنگەنەی زەبر و زەنگ و نیشتمانیان لێ پچڕ پچڕ کرا و هەر کوتەی خرایە سەر لایەک و فەرهەنگ و زمان و داب و نەریتی نەتەوایەتی و مەزهەب و بیروباوەڕ زۆر بێ حورمەتانە و بە ڕاشکاوی خرانە ژێر پێ. ئێستاش دوای زیاتر لە 70 ساڵ دەسەلاتی ئەو سیستەمە "بە ئیقراری خودی ڕێبەرانی حیزبی حاکم (کۆمۆنیست)" جاروبار گۆڕی بەکۆمەڵ و دەستەجەمعی دەردەکەون کە لەسەردەمی دەسەلاتی مارکسیستی ڕەسەن و تۆخ (ستالین)دا و بە دەستوری ڕاستەوخۆی خۆی و بە پەیڕەوی لە بیر و بۆچوون و تیئۆری پێشکەوتوو و عیلمانی مەکتەبی مارکسیزم!، لەسەر بیروباوەڕ، یان ڕەخنەیەکی چکۆڵە، لە نیزام یان بەڕێوەبەرانی نیزام قەتڵیعام کراون.

ئەو سیستەمە دوای هاتنە سەر حوکمی لە وەلاتی بەرینی شووراکان (شووڕەوی) بەرە بەرە ئورووپای ڕۆژهەلاتی تەنیەوە، لە زۆر شوێنی ئەو ناوچەدا بە زەبری زۆر داسەپێنراو کۆمەلانی ئەو وەلاتانە ناچارکران بە قبووڵکردنی بێ ئەملا و ئەولای ئەو سیستەمە. بۆ برێک وەلاتی دیکە لە ئاسیاو ئەفریقاو ئەمریکاش پەلاوێژی کرد. پڕ حەشیمەت ترین وەلاتی

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

جیهان (چین) ئینقلابی سۆسیالیستی تێدا کرا. لەوێش دا حیزبی کومونیست بوو بە حاکمی موتڵەق و ئەو شێوە حکومەتە جڵەوی چارەنووسی سەدان ملوێن کەسی کەوتە دەست و زەبروزەنگ و دیکتاتۆریی بێ سنوور باڵی بەسەر ئەو وەڵاتە دا کێشاو دەستی بەسەر زاری کۆمەڵانی زەحمەتکێش دا گرت. ڕێز بۆ مرۆڤایەتیی، مەزهەب، میللیەت، بیروباوەڕ، ئازادیی و دێموکراسی نەماو ئاسەواریان بڕایەوە. ئەو کارەساتە دڵتەزێن و مچوڕک هێنەرانەی کە دوای هاتنە سەرکاری حیزبی کومونیست لە وەڵاتی چین بە نێوی شۆڕشی فەرهەنگیی لە لایەن حکومەتی سۆسیالیستی یەوە ڕوویان دا، پەڵەیەکی ڕەشی ئەوتۆن کە قەت لە لاپەڕەکانی مێژوو ڕەش نابنەوە. شاڵاوی بێ بەزەیانەی مارکسیستە تۆخەکانی حاکم لە چین (حاملاوەکانی مەکتەبی مائۆ) بۆسەر ئازادیی و دێموکراسی و مافەکانی مرۆڤ تەنانەت لەسەردەمی گەشەکردن و پەرەگرتنی دێموکراسیش دا و خولقاندنی کارەساتی وەک ڕووداوەکانی ئەم دواییەی پێکەن بەرهەمی ڕاستەوخۆی ئو بیرو بۆچوونەیە کە بنج و بناوانی ئەو مەکتەبەو هەوێنی ئەو سیستەمە عیلمانییەیە!. دوا بەدوای ئەو شۆڕشە سۆسیالیستییانە لەو دوو وەڵاتە گەورەو گرینگانە، لە وەڵاتانی دیکەش(وەڵاتانی جیهانی سێهەم) حیزب و ڕێکخراوی چەپیی و کومونیستیی سەریان هەڵدا و هەریەکەیان بوو بە مریدی لایەک لەو دوانە و لێکڕا بوون بە بڵیندگۆی ئەو حکومەتانە و لە گەڵیان بوونە هاودەنگ بۆ پێهەڵگوتن بە سیستەمی سۆسیالیستیی و درۆشمی بە نێو دامەزراندنی حکومەتی کرێکاریان بەرزکردەوە و، بە هەموویان بەهەشتێکی ڕازاوەی خەیاڵییان بۆ دوارۆژی زەحمەتکێشانی جیهان لەژێر سێبەری نیزامی سۆسیالیستیی دا سازکرد و مارکسیزمیان وەک سەرچاوەی خێر و خۆشییەک بۆ کۆمەڵی بەشەر لەبەر چاوی کۆمەڵانی ملوێنی جیهان ڕانا. دنیای غەیرە سۆسیالیستیشیان وەک دۆزەخێکی سوتێنەر بۆ کۆمەڵانی زەحمەتکێش و وەک هەوێنی دواکەوتوویی و هۆی چارەڕەشی بەشەرییەت لەبەر چاوی کرێکاران و جوتیاران و زەحمەتکێشانی جیهان زەقکردەوە بە هەموو زمانان و بە هەوای جۆراوجۆر هەر بە بەژن و باڵای مارکسیزم و کۆمۆنیزم و سۆسیالیزمیان هەڵگووت و زەمی هەموو مەکتەب و مەسلەکوسیستەمێکی غەیری ئەوانیان کرد.(ماڵم هەقە ڕێکخراوە چەپە مارکسیستە کوردستانییەکان لەم بوارەدا لە زۆربەی ئەو چەپییانە بەگوڕتر و گەرمتر و خۆشخوێنتر بوون. ئەوان لەتاوی کرێکارانی ئوروپا و ئەمریکا و وەڵاتانی دیکەی هەندەران گەلە چەوساوە و بەشخوراوەکەی خۆیان لەبیر چۆوە!!). گەلانی بندەست و مافپێشێلکراو، کۆمەڵانی هەژار و چەوساوە، زەحمەتکێشانی ڕەنجەڕۆ، وەدوای ئەو هەستە کەوتن و بەو هیوایە کە لانیکەم کەمێک لەو زۆرە ڕاستە و بەو تەمایە کە لەژێر سێبەری ئەو نیزامەدا لە کۆیلەیی و بێبەشیی ڕزگار دەبن، باری گرانی چەوسێنەرانی سەرمایەدار و تەوژمی زەبر و زەنگی ملهوڕانی بێبەزەیان لەسەر لادەچێ، لە دەوری ئەو دەوڵەتە تازە کورە و ئەو حیزب و ڕێکخراوە بە چاو و ڕاوانە کۆبوونەوە و کوردە گوتەنی "سەری خۆیان لەو قاڵمە قاڵمەی ڕاکرد" بێئەوەی شارەزاییەکی ئەوتۆیان لەسەر نێوەرۆک و نیازی ئەوان بێ. ئەگەر بڵێین ڕێکخراوە کۆمۆنیستیەکانیش بە تایبەتی مارکسیستە کوردستانییەکان هەر وەدوو هەستی کەوتبوون و بە چاوی بەسترا و چێویان لە تاریکی دەکوتا ڕەنگە شتێکی دوور لە ڕاستیمان نەگوتبێ. ڕابووردووی چەند ساڵەیان تا ڕادەیەک ئەو حەقەمان بۆ دەسەلمێنێ. بەڵێ بەشخوراوەکان، چەوساوەکان، بندەست و ستەملێکراوەکان، لە تاوی دەردی زۆر و گرانی خۆیان و بەهیوای ڕزگاریی لەو مەینەت و دەرد و ڕەنجانە کە دەستی لە بینێ نابوون، بەدەم بانگەوازی خۆش و دڵگیری سۆزیالیزمەوە چوون.

لەخۆوە نەبوو کە هەموو ئینقیلابە سۆسیالیستیەکان (بە پێچەوانەی کەرامەت و پێشبینییەکەی مارکس!) لە وڵاتە غەیرە سنعەتی و دواکەوتووەکان دا سەریان هەڵداوە. لەو وڵاتە سنعەتی و خاوەن تیکنۆلۆژییانە کە کرێکاریان زۆرە و "تێز و ئانتیتێز" بە چەشنێکی زەق و تووش ململانەیانە، دوای تێپەڕبوونی سەدەونیوێک لە سەرهەڵدان و داڕشتنی ئەو تیئۆرییە

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەناوعیلمی‌یە، ئاسەوارێک لە "سینتێز" دیار نی‌یە و بگرە ئەو تیئۆری‌یە لەو وڵاتانەدا ئێستا لە هەموو کاتێک کەمڕەنگتر و بێ برەوترە و توندتر لە قوژبنی وەهم و خەیاڵ خزاوە و بە مەرەدێک چووە کە بەحاڵ تارمایی ماوە.

لە سەرەتادا کە تازە سیستەمی سۆسیالیستی سەری هەڵدابوو و هەڵمی گەرم و گوڕی لێ هەڵدەستا و مامۆستایانی مەکتەبی مارکسیزم بە دەوریدا دەهاتن و دەیانڕازاندەوە و ڕێکخراوە تازە کارەکانیش ببوونە بڵندگۆ و سپاردەکانی ئەوانیان دەگوت و ڕادەگەیاند، گەلانی بندەست بە تامەزرۆیی‌یەوە چاویان لە ئاسۆی تەماوی‌یەوە بریبوو داخوا کەنگێ ئەو خەونە خۆشانە وەڕوو دێن و کەنگێ خۆری ئازادیی و ڕزگاریی لەو بەهەشتەڕا تیشکی پیرۆزی بەرەو ئەوان داوێ و دنیای تاریک و تەڵەمیان بۆ ڕووناک دەکاتەوە! هەروەک چۆن زەحمەتکێشانی چەوساوەی جیهان چاوەڕوانی ئەوە بوون کە لەژێر سێبەری ئەو دارە تازە (سۆسیالیزم) دا بۆ هەمیشە وەحەسێن!!.

بەپێی ئوسوولەکانی مارکسیزم، نیزامی کۆمۆنیستی ئاخرین قۆناغە کە بەشەر لە ڕەوتی هەڵدان و پێگەیشتنی خۆی‌دا پێی‌دەگا و لەژوور ئەو قۆناغە قۆناغێکی دیکە نی‌یە. گەیشتنی کۆمەڵی بەشەر بەو قۆناغە کە بە سۆسیالیزم‌دا بۆی دەچێ، شتێکی عیلمی‌یەو جێگەی هیچ چەشنە دوودڵی و ئینکارکردنێک نی‌یە!؟. هەتا پلەی زانست و پێشکەوتن بەرەو سەرتر بچێ و تێکنیک و داهێنان پتر پەرە بستێنێ و نەهێنی‌یەکانی سروشت زۆرتر دەرکەون و سنعەت و زانیاری و شارستانی‌یەتی زۆرتر گەشە بکا ڕاستیی و ڕەوایی ئەو تیئۆری‌یە ڕوونتر و ئاشکراتر بۆ کۆمەڵی بەشەر دەردەکەوێ و جەماوەر لە ئاستێکی فراوانتردا رموودەی دەبن و ناتەبایی چینایەتی کە بناغەی ئاڵووگۆڕی کۆمەڵە زیاترو زەقتر دەبێتەوە، دیاردەکانی کۆنەپەرستیی وەک مەزهەب، میللی‌یەت، نیشتمان‌پەروەری، پێوەندی‌خێزانیی ، فەزائیلی ئەخلاقی، مالکی‌یەتی خسووسی و شتی لەو بابەتانە کە کۆسپی سەر ڕێگای بەرەو سەرچوونی کۆمەڵ و قوڵەچۆماغی دەستی چەوسێنەرانن بۆ لێدان و گێژکردنی چینی چەوساوە، لە باو دەکەون و لەبەر چاوی زەحمەتکێشان ڕەش دەبن و هۆگر و تەرەفداریان کەم دەبێتەوە!.

لە ڕوانگەی ئەو مەکتەبەوە کە لە باری فەلسەفی‌یەوە لە سەر بناغەی ئیدئۆلۆژی ماتریالیستی دامەزراوە بایەخێک بۆ ئیرادەی ئینسان و ویستی مرۆڤ و مانایەک بۆ مەعنەویات نی‌یەو، ئەو بوونەوەرە خاوەن هۆش و گۆش و لێکدانەوە و بیرکردنەوەیە، لە ژێر زەبری بەتینی جەبری مێژوو و جەبری ئابووری و ئامرازی بەرهەم هێنان و شتە ماددیەکانی دیکەی دەوروبەری مرۆڤ‌دا دەستەوەستان و بێ دەسەلاتە و، هەموو ئاکار و کردەوەکانی مرۆڤ شوێنەواری کارتێکردنی بێ ئەم لاو ئەو لای ئەو شتە ماددیانەن!. بە قسەی مامۆستایانی ئەو مەکتەبە مرۆڤ لە کار پەیدابووە نەک بە پێچەوانەوە، مرۆڤ چ بیهەوێ و چ نەیهەوێ ئەو چارەنووسەی هەیە کە بە بێ مەیل و دەخالەتی خۆی و لە ئاکامی کارتێکردنی ئەو شتانە بە سەری دێ. مرۆڤ هەرچی دەیکا بە ناچاری‌یەو جەبری ئابووری و ڕەوتی مێژوو، شێوەی پێوەندی کۆمەڵایەتی بەسەر کۆمەڵی بەشەردا دەسەپێنێ و .... و ....

ئێمە لێرەدا نە دەمان هەوێ و نە ماوەشمان هەیە مەسەلەکە لە باری فەلسەفی‌یەوە بخەینە بەر باس بەڵکو لە باری سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و ئینسانی‌یەوە سووکە ئاوڕێکی دەدەینەوە سەر، بزانین بەروبوومی دەیان ساڵ دەسەلاتی ئەو سیستەمە بە قەول عیلمانی‌یەو بەرهەمی حاملاندن و بارهێنانی کۆمەڵ لەو مەکتەبە ماددیەدا چۆن و چی بووە؟ ئوسوولەکانی هەتا کوێ لە گەڵ واقعییاتی مێژوودا ڕێک و جۆر بوون؟ مارکسیزم لە ماوەی دەیان ساڵ حاکمیەتی موتڵەقی خۆی‌دا چ دیاری‌یەکی بایبداری بۆ زەحمەتکێشانی جیهان هێناوە و چ خەونێک لەو خەونە خۆشانە کە دەیان ساڵە ملوێنها شوێنکەوتووی ئەو مەکتەبە بە ئەزرەتەوە و بەبێ سەبریی چاوەڕوانی وەڕووهاتنیان، وەڕاست گەڕاوە؟.

چاوخشاندنێک بە سەر وەڵاتانی سۆسیالیستیی لە ماوەی دەیان ساڵ حاکمیەتی ئەو سیستەمەدا و، چلۆنەتی بەڕێوەبەریی و هەڵوێستی حیزبە کومونیستە حاکمەکان لە بەرامبەر گەلانی جیاجیاو کۆمەلانی ملوێنی ئەو وەڵاتەداو، ئاکامی تاڵ و دڵتەزێنی

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەو شێوە بۆچوون و بەڕێوەبەرییە دەری دەخا کە ئەو سیستەمە لە بوارە جیاجیاکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و ئینسانیی دا ناتەواو و نەگونجاو لە گەڵ سروشتی بەشەر و واقعیاتی مێژوویی‌یەو ناتوانێ وەڵامدەری هەست و ویستی کۆمەڵی مرۆڤ و وەدیهێنەری خێروخۆشی بۆ ئەندامانی ئەو کۆمەڵەو دابینکەری ئازادیی و سەربەستیی گەلانی بندەست و بەشخوراو بێ. مارکسیزم بە پێی ئوسووڵەکانی جوێ لە تیئۆری خۆی هەموو تیئۆرییەک بە هەڵە دادەنێ و حیزبی کومونیست کە هەڵگرو ڕەنێوهێنەری ئەو تیئۆرییەیە جوێ لە خۆی ڕێگە بە هیچ حیزب و ڕێکخراوێکی دیکە نادا بۆ ساتێکیش هەناسە بدا. هەستی نەتەوایەتیی بە دیاریی دنیای بۆرژوازیی و دیاردەی کۆنەپەرستی دادەنێو خۆی لەو هەموو دیاردە دیار و نادیارانە گێل دەکا کە ئەندامانی هەر نەتەوەیەکیان توند و تۆڵ بە یەکەوە شەتەک داوە و لە مەودای حەرەکەتی پێ گەیشتن و بەرەو سەرچوونی کۆمەڵی مرۆڤدا هەموو پەیوەندییەکانی دیکەی بە چینایەتیشەوە لە ژێر تیشکی خۆیدا شاردۆتەوە. چارەسەرکردنی گرێ پووچکەی نەتەوایەتی لە ڕوانگەی ئەو مەکتەبەوە، لە ڕێگای تواندنەوەی گەلان و ملدانواندنیان بۆ یاسای کۆمۆنیزم و قبوولکردنی بێ ئەم لاو ئەولایان بۆ تیئۆری و ئیدئۆلۆژیی مارکسیزم و تەسلیم بوونی موتڵەقەوە دەبێ و دەشێ، نەک لە ڕێگای ڕێزدانان بۆ زمان و فەرهەنگ و داب و نەریت و مەزهەب و پیرۆزییەکانی دیکەی ئەو گەلانەو دابین کردنی سەربەستی و ڕزگاری و تەسەل کردنی هەستی دەروونی ئەندامانی ئەوانەوە.

لە ژێر سێبەری دەسەڵاتی حیزبی کومونیستدا هیچ ئەندامێکی کۆمەڵ مافی ڕەخنەگرتن و دەربڕینی بیروڕای نییە. ئازادیی و دیموکراسی ئاسەواری نامێنێ و هەڵبژاردن مەعنایەکی نییە چونکە بە پێی ئوسوڵی مارکسیزم ئیرادە و ویستی مرۆڤ ڕێزی بۆ داناندرێ و عەیارەی چاکە و خراپە ئەو ڕێبەیە کە داهێنەرانی ئەو تیئۆرییە عیلمانییە دیارییان کردووە. زەبر و زەنگ و کوشتن و ئازاردانی ڕەخنەگران و نەقایلان لەو سیستەمە ئەرکی پیرۆز و شۆڕشگێڕانەی هەموو کۆمونیستێکی بەڕاستی‌یەو دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا ئەسڵێکی گرینگە لە ئوسولی ئەو مەکتەبە. ڕابووردووی دەیان ساڵ حکومەتی سۆسیالیستیی لە وەڵاتی پان و بەرینی شوورەوی‌و وەڵاتانی ئەرووپای ڕۆژهەڵات پڕە لە چاوترساندن و دەست بەسەر دەم داگرتن و قەڵەمشکاندن و زمانبڕین و بە کورتی ڕەشکردنەوەی ئاسەواری ئازادیی و دیموکراسی و بەهێند نەگرتنی ئیرادەی کۆمەڵانی ماندوو و زەحمەتکێش، ژێر پێ خستنی ئازادی هەڵبژاردن و داسەپاندنی دروشم و ئوسووڵی ڕەق و دوور لە واقعییاتی سۆسیالیزم، بە کوردی و بە کورتی کارنامەی سۆسیالیزم و حیزبە کومونیستەکانی حاکم لەو وەڵاتانە لە بواری سیاسی‌دا دیکتاتۆرییەکی موتڵەق‌و زەبر و زەنگێکی نەگونجاو لەگەڵ ویست و سروشتی بەشەر و پێچەوانەی کەرامەت و ژیانی بەختەوەرانەی کۆمەڵانی خەڵک بووە. لە باری کۆمەڵایەتیشەوە ئەو سیستەمە چاکە! نەک هەر دادگەریی کۆمەڵایەتی و ژیانی وەک یەکی (وەک لە دروشمدا دیگوت) بۆ کۆمەڵ دەستەبەر نەکرد و بەهەشتی بۆ زەحمەتکێسان وەدەست نەهێنا بەڵکە ژیانی سەرکردە حاکمەکان و بەرپرسە بەرزەکانی حیزبی کومونیست لە گەڵ ژیانی زەحمەتکێشان کە بە قسە حکومەتی خۆیان بوو، ئەرز تا ئاسمان لێک جیاواز بوون. سەرۆکەکان هەزار و کرێکار و زەحمەتکێشەکانیش لە پلەی سیفر نەهاتنە سەر. لە بواری ئابووریش‌دا ڕەوتی مێژوو لەو دەیان ساڵەی دەسەڵاتی حیزبی کومونیست و حکوومەتی سیستەمی سۆسیالیزم دا بە زەقی نیشانی داوە کە بەرنامەی ئابووری ئەو نیزامە تەنیا لە چوارچێوەی خەیاڵ و ئارەزۆدا جێگای گرتووەو لە مەیدانی کردەوەو گۆڕەپانی پیادەکردن دا ئاسەوارێکی ئەوتۆی لێ نابیندرێ. لە نیزامێک‌دا کە مالکییەتی خسووسی جێگەی خۆی دا بە مالکییەتی دەوڵەتی و زەحمەتکێشان وەک کەرەستەو ئامرازی بەرهەم هێنان تەماشاکران و کۆمەڵانی ژێر دەسەڵاتی ئەو سیستەمە مافی دەربڕینی بیروڕایان نەماو ئیرادەی مرۆڤ ڕێزی لێ نەگیرا و زۆری بکەن و کەمی بکەن و بەرهەمی ڕەنجیان باش بێ یان خەراپ بەشیان هەر نانەزگ بێ، شتێکی زۆر ئاساییە کە سستیی و بێ وازیی لە نێو کرێکاران و زەحمەتکێشان دا پەرە بگرێ و بەرهەم بەرە بەرە بەرەو کەمی و

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بێ بایەخی بڕوا. ئەو سیستەمە لە باری ئینسانیشەوە لە جیاتی ئەوەی خزمەت بە مرۆڤایەتی بکا و بەرنامەیەک بەڕێوە بەرێ کە لەگەڵ کەرامەتی ئینسان و ویستی دەروونیی و سروشتیی ئەو بوونەوەرە ڕێک و پێک بێ، لەپێش هەموو شتێکدا نیعمەتی ئازادیی کە خۆراکی ڕووحی ئینسانە، لەبەر دارِنی و ئیرادە و ویستەکانی خستنە ژێر پێ. کۆمەڵانی ژێر دەسەڵاتی حیزبە کۆمۆنیستەکانی حاکم لەو وڵاتانەدا، ناچار کران دەست لە هەموو پیرۆزییەکانیان هەڵگرن و بە نانەزگی ڕووت ڕەنج بکێشن تەنیا بۆ ئەوەی زگیان تێرکەن بەڵام ئەوانیشیان لەقیس چوون و برسێتی و کەم وکوڕییەکانی ژیانی ئاسایی ساردیشیان لەسەر لانەچوو.

کۆمەڵانی ڕەنجەڕۆ و بە کۆیلەکراوی ئەو وڵاتانە کاتێک بە هەموو وەچەکانیان هەستیان بە برک و ژانی ژیان کرد، تەمی چاوبەستیان لەسەر ڕەوییەوە، ئاگری بێزاری و تووڕەیی لەو سیستەمە و بەڕێوەبەرانی ئەو سیستەمە لە ناخیاندا کڵپەی هەستاند. هەرچەند سام و ترسی دیکتاتۆریی مەودای دەربڕینی بڵێسەی ئەو ئاگرە بەتینەی لێ بڕیبوون بەڵام زەمینەی ڕاپەڕین و تەقینەوەی ئامادە کردبوو. ئازادیخوازان و ڕووناکبیران و مرۆڤدۆستانی ئەو وڵاتانە هەستیان بە پێویستی چاوگێڕانەوە بەسەر سوسیالیزم دا کرد. چونکە دواکەوتوویی ئەو وڵاتانەیان لە هەموو بارێکەوە بە چاوی خۆیان دەدی و ئەو شپرزەیی و قەیرانە هەموولایەنیان بە بەرهەمی ڕاستەوخۆی سیستەمی سۆسیالیزم دەزانی. ڕاپەڕینی بەشێکی بەرچاو لە کۆمەڵانی وەزاڵەهاتووی مەجەرستان لە ساڵی 53 - 1956 دا و حەرەکەتی دیموکراسیخوازیی لە چەکوسلۆواکی بە سەرۆکایەتی ئەلکساندەر دوبچیک لە ساڵی 1968 دا کە بە بەهاری پراک بەناوبانگە، هەروەها بزووتنەوەی هەمبەستەگی لە لەهستان هەموویان دژکردەوە و ئاکامی کردەوەی نارەوای ئەو حکوومەتە سۆسیالیستانە و بەرهەمی بەرنامە و بۆچوونی نادروستی سیستەمی حاکم بوون. بەڵام سەرکردەکانی حیزبە کۆمۆنیستەکان، قوتابیەکانی مەکتەبی مارکسیزم، کە خۆیان بە وەفادار بەو مەکتەبە دادەنێن، لەجیاتی ئەوە گوێبدەنە ئەو زەنگە خەتەرانە و بە چاوێکی واقعبینانە لە مەسەلەکە ورد وەبن و بە هەوای دروشمی ڕەق و بێ نێوەرۆک خۆیان لە واقعیاتێک کە لەبەر چاویان زەق بۆتەوە نەبوێرن، بە ئاگر و ئاسن پەلاماریان دەدان و ئەرتەشی سوور کە بەقسە دەبوو پارێزگاری لەبەرژەوەندی زەحمەتکێشان بکا هەموو جارەکان زەحمەتکێشانی ڕاپەڕیوی ئەو وڵاتانەی نوقمی خوێن دەکردن و ڕێبەرانی ئەو ڕاپەڕینانەیان بە دژی شۆڕش و دوژمنی سۆسیالیزم و داردەستی ئیمپریالیزم تاوانبار دەکردن و دەیان قسەی سووکیان لە پارسەنگی دەنان. بەڵام سەرەنجام کار لەکار ترازا و کێرد گەیشتە ئێسقان.

قەیرانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگیی، سیاسی و تەنانەت ئیدیۆلۆژیکییش، کە بەرهەمی ڕاستەوخۆی سیستەمی حاکم بوو، کۆمەڵانی ملوێنیی ئەو وڵاتانەی لە مەنگەنە دا و پێویستی ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لەبەر چاوی هەموو واقیعبینێک زەقبۆوە. سەرەنجام شەبەقی ئیرادەی کۆمەڵانی خەڵک تاریکایی زەبر و زەنگ و ملهوڕی شەقارشەقار کرد و دەنگی نارەزایەتی وەزاڵەهاتوانی ئەو وڵاتانە گوێی بەڕێوەبەرانی لە گوێی گادا نوستووی زرینگاندەوە، تیشکی دیموکراسی و ئازادیخوازی تاریکایی شەوەزەنگی دیکتاتۆری دابێژدابێژ کرد و، وردە وردە شنەبای دیموکراتیزاسیۆن خۆڵەمێشی لەسەر ژیلەمۆی سامی چەند ساڵەی زۆرداران ڕاماڵی.

جموجۆڵی پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە سیستەمی سۆسیالیزم دا بە جیددی پێنج ساڵ بەر لە ئێستا لە وڵاتی گەورەی شووڕەوی دا سەریهەڵدا. ئەو وڵاتە وەک کۆنترین و گەورەترین و بەهێزترین و پێشکەوتووترین وڵاتی سۆسیالیستی بووبە پێشڕەوی ئەو بزووتنەوەیە. هەر وەک لە شۆڕشی سۆسیالیستی دا پێشڕەو بوو دوای هاتنەسەرکاری میخاییل گۆرباچۆف لە شووڕەوی بزووتنەوەی دیموکراتیزاسیۆن بە ڕاشکاوی و بە شێوەیەکی جیددی کەوتە ڕەوت. بەرنامەی "گلاسنۆست" و "پریستۆریکا"ی گۆرباچۆف بوو بە بناغەی چاوگێڕانەوە بەسەر سۆسیالیزم و پێکهێنانی ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لە سیستەمی

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

مەوجوود دا. ڕووناکبیران و مرۆڤ‌دۆستان و ئازادیخوازان پێشوازیان لە بەرنامەکانی گۆرباچۆڤ کرد و دیارە کۆمەڵانی وەزاڵەهاتوو و تووانی ئازادیی بە پەلە بەرە و ئەو سەرچاوە ڕوونە جمین. چونکە ئەوان دەمێک بوو چاوەڕوانی دەرکەوتنی شەبەقێکی ئاوا لە ئاسۆی ژیانی تاریک و تەڵەمیان دا بوون. دەیان ساڵ بوو دەستیان بەسەر دەم داگیرابوو و ، پشوویان لێ برابوو، ئیرادەیان خنکێنرابوو، مێشکیان بەزۆر داخرابوو، گەورەترین نیعمەتیان (ئازادی) لێ زەوت کرابوو. سەرەڕای ئەوەش برسی و حەوجێ و دواکەتوو و بەجێما و لە کاروانی پێشکەوتن و پێگەیشتن خۆیان دەدی. دیارە دەشیانزانی کە ئەو ئاکامە تاڵ و دڵتەزێنە هەمووی بەرهەمی ڕاستەوخۆی سیستەمی مەوجوود و بەروبووی خەڵەتاندن و چاوترساندنی دەسەڵات‌بەدەستانی دیکتاتۆری کۆن و نوێیە. لەخۆوە نەبوو کە کۆمەڵانی وەزاڵە هاتوو هەر کە دەرووی دەربڕینی بیروڕایان بۆ کرایەوە و ڕێی دەستیان بۆوە، پڕ بە دڵ و پڕ بە دەم نارەزایەتی و بێزاریی خۆیان لە کۆمۆنیزم و سۆسیالیزم دەربڕی و بە دەستی تۆڵەئەستێنی خۆیان زنجیریان هاویشتە ملی پەیکەری سەرۆکەکانیان و لە پلەی ڕێز ڕایان کێشانە خواری و کوڵی دڵی خۆیان پێ ڕشتن.

ڕێبەرایەتی شووڕەوی بە سەرۆکایەتی میخاییل گۆرباچۆڤ سەرەڕای کەند و کۆسپی حەستەم و زۆر لەلایەن مارکسیستە ڕەق و ویشکەکانەوە، درێژەیان بە جێبەجێ‌کردنی بەرنامەکەیان دا. شەڕی ساردیان لەگەڵ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی ڕاگرت، لە ئەمریکا نزیکبوونەوە و هاوکاری و ئاڵوگۆڕ کردنی بیرو ڕا بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتە جیهانی و ناوچەییەکان بە مەبەستی دارشتنی گەلاڵەی ئاشتی لە جیهان‌دا و لەنێو بردن و کەم‌کردنەوەی چەکەئەتۆمی‌یەکانیان، فراوان کرد. گۆرباچۆڤ زۆر بە شەهامەتەوە و بە ڕاشکاوی دەدانی بەوە داهێنا کە وەڵاتانی سۆسیالیستی لە سایەی ئەو سیستەمەوە تووشی قەیرانی هەمەلایەنە بوون و لە باری تیکنولۆژی‌یەوە دواکەوتوون و کۆمەڵانی ملوێنیی ئەو وەڵاتانە لە گەڵ کەم‌وکوڕیی پێویستی‌یەکانی ژیان دەستەو یەخەن. سەرۆکی شووڕەوی بە ڕاشکاویی هانای بردۆتە بەر وەڵاتانی سنعەتی کە لە بواری ئابووری و تێکنولۆژی پێشکەوتوودا یارمەتی وەڵاتانی شووڕەوی بدەن و بە یارمەتی ماڵیی خۆیان باری شپرزەو نالەباری وەڵاتەکەی تا ڕادەیەک بۆ لەبارکەن.

گۆرباچۆڤ بە پێچەوانەی دروشم و ئوسوولی مارکسیزم و کردەوەی دەیان ساڵەی کۆمۆنیستە تۆخەکانی پێشوو، دێموکراسی وەک خۆراکێکی ڕووحی بۆ مرۆڤ لە قەڵەم دا، ڕێزی بۆ ئیرادەی ئەندامانی کۆمەڵ دانا، دەربڕینی بیرو باوەڕ و ڕەخنە گرتنی ڕێگەدا، قەڵەم و زمانی ئازاد کردن، ڕێزی بۆ هەموو جۆرە مەزهەبێک بە پێویست و هەستی نەتەوایەتی بە پیرۆز دانا، دروشمە ڕەقەکانی ڕەشکردنەوە و دیکتاتۆریی پرۆلیتاریای پوچەڵ ڕاگەیاند. مالیکییەتی خوسووسی تا ڕادەیەک بە ڕەوا زانی و لە کردەوەش‌دا سەرەڕای کەند و کۆسپی زۆر و دژوار هەنگاوی گرنگی لە بواری دێموکراتیزاسیۆن و ئیسلاحاتی سیاسی‌دا هەڵێنایەوە و ئەو بەربەستە پۆلایینەی کە چەندین ساڵ بوو بە دەستی کۆمۆنیستە تۆخەکان لە نێوان شووڕەوی و وەڵاتانی دیکەدا ساز کرابوو تێک و پێک داو کۆمەڵانی شووڕەوی لە ژیانی وەڵاتانی هەندەران حاڵی بوون و بە پێچەوانەشەوە. وەڵاتانی ئورووپای ڕۆژهەڵاتیش زۆر بە پەلەو لە ئاستێکی بەرین‌دا وەدوای شووڕەوی کەوتن و لە ماوەیەکی زۆر کەم دا بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو قەدەغە و قۆرغەکانی سیستەمی حاکمیان شکاندن و ڕەوتی دێموکراتیزاسیۆن گەشەی کرد. دنیای سۆسیالیزم هەرەسی هێنا و کۆمەڵانی خەڵک لەو وەڵاتانەدا بە تامەزرۆیی‌یەوە پێشوازیان لەو ئاڵوگۆڕانە کرد کە لە هەموو بوارەکانی ژیان دا دەستیان پێ‌کرا. دیوارە بەرز و قایمەکانی کە سۆسیالیستەکان لە ترسی سەرڕێژکردنی بیروباوەڕی سەرمایەداریی لە نێوان خۆیان و دنیای سەرمایەداری‌دا کێشابوویانن بە دەستی کۆمەڵانی تامەزرۆی ئازادی شەق‌وپەق کران. کۆمەڵانی وەزاڵە هاتوو لە ستەمی چەندساڵەی ئەو سیستەمە حاکمە بە ئەزرەتەوە بەرەو دێموکراسی وەپەلە کەوتن. حیزبە کۆمۆنیستەکان دەستیان کرد بە خۆهەڵوەشاندنەوە و حیزب و ڕێکخراوی غەیرە

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کۆمۆنیستییان دامەزراند. دژکردەوەی کۆمەڵانی بێزار لە سیستەمی مەوجوود بە ڕادەیەک توند و تیژ بوو کە تەنانەت وشەی سۆسیالیزمیان لە نێوی حیزب و حکومەتەکانیان سڕیەوە. کۆمۆنیزم لە لایەن زۆربەی ئەو وەڵاتانەوە ڕەتکرایەوە و هێندێکیان هەنگاوی زیاتریان هاویشت و لەگەڵ سۆسیالیزمیش نەگونجان و ئەوانەی سۆسیالیزمیشیان بە ڕواڵەت هێشتەوە بەرگی سۆسیال‌دێموکراتیان بە بەردا کرد. دەتوانین بە کورتی بڵێین کە وەڵاتانی سۆسیالیستی لەم بوارەدا پێشبڕکەیانە داخوا کامیان زووتر خۆ دەگەیەننە بازاڕی ئازاد تا لەو کاروانە بەجێ نەمێنن. تەواوی ئەو ئاڵوگۆڕە زۆر و گرنگانە کە لەو ماوە کورتە لەو وەڵاتانەدا پێک‌هات، لە چوارچێوەیەکی ئارام و بە شێوەیەکی هێمنانە بوو. لە وەڵاتی ڕۆمانی نەبێ کە ئاگری ڕق و تووڕەیی کۆمەڵانی وەزاڵەهاتوو کۆشکی دەیان‌ساڵەی دیکتاتۆری بێ‌بەزە (چاوشیسکۆ) لەنێو گڕ و کڵپەی خۆی‌دا کردە خۆڵەمێش و بوو بە دەرسێکی مێژوویی بۆ هەموو دیکتاتۆرێک و بۆ هەموو ئەو دەسەڵاتانە و ئەو کەسانە کە بیانهەوێ لە بەرامبەر ئیرادە و ویستی کۆمەڵانی ملوێنیی خەڵک‌دا ڕاوەستن و بەر بە حەرەکەتی تەکامولی کۆمەڵ بگرن.

ئێستا ئیدی نیوێک لە بلووکی شەرق وەک بلووک و لە پەیمانە تایبەتی‌یەکەی نەماوە، کۆشکی کۆمۆنیزم بە تەواوی تێکڕووخاوە و مەکتەبی مارکسیزم تێکشکانێکی ستراتیژی بەسەردا هاتووە. وەڵاتانی سۆسیالیستیی بە تێکڕایی جوێ لە کوبا و چین سیستەمی دەیان‌ساڵەی خۆیان تێکەوە پێچاوە و، دروشمە ڕەق و خەیاڵاوی‌یەکانیان ڕەش‌کردوونەوە و بە شەهامەتەوە دەدان بەو ڕاستی‌یەدا دێنن کە سۆسیالیزم (با بڵێین سۆسیالیزمی مەوجوود) نەیتوانیوە و ناتوانێ ببێ بە ڕێبازی ژیانی بەختەوەرانەی کۆمەڵی ئادەمیزاد و ناتوانێ لە خزمەتی مرۆڤایەتی‌دا بێ و ڕێزی مرۆڤ ڕاگرێ. ناتوانێ مافی ڕەوای گەلانی بن‌دەست دابین‌کا و بە کورتی ئەو سیستەمە لە هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤ‌دا کەم و کوڕیی هەیە و لەگەڵ واقیعیاتی مێژوودا ناگونجێ.

ئێستا ئیدی جێگای ئەوە نەماوە کە ڕێکخراوە چەپە کوردستانی‌یەکان چی دیکە چاو لە حاند ڕاستی‌یەکان بقوچێنن: گاڵتە بە پیرۆزی‌یەکانی خەڵک بکەن، مەزهەب و فەرهەنگ و هەستی نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەریی بە دیاردەی کۆنەپەرستیی و بە دیاری دنیای سەرمایەداری دابنێن. ئەوانەی ئێستاش وەخەبەر نەهاتوون تازە دەبێ بە مردوو دابنرێن نەک بە خەوتوو ئەگینا پاش ئەوەی کە بۆخۆیان بە چاوی خۆیان دەبینن کە بناوانی جۆباری فکریان هەڵدێراوە و بەردی بناغەی کۆشکی چەندساڵەیان دەرهاتووە، دەبێ بە تەمای چ جۆرە قەیارکردنەوە و پینەوپەڕۆ کردنێک بن! تۆ بڵێی ئێستاش پێیان وابێ ئەو هەموو ڕووناکبیر و کرێکارە ڕاپەڕیوانە کە لە دژی سیستەمی سۆسیالیزم و مەکتەبی مارکسیزم هەستاون و ڕەگەڵ کاروانی ئازادیخوازیی کەوتوون، هەموویان نەفام و بێ‌ئاگان؟ یان بلێی پێیان وابێ کە شەیتانی گەورە و شەیاتینە ئیمپریالیستەکانی دیکە دەستیان لێوەشاندوون و سەریان لێ‌شێواندوون؟ یان بڵێی وا بزانن کە سەردەمی ئێستا، کە سەردەمی داهێنان و دەرخستنی نهێنی‌یەکان و داگیرکردنی ئەستێرانە، لە سەردەمی کاتی سەرهەڵدانی تیئۆری مارکسیزم دواکەوتووتر و خەڵکی ئێستا لە خەڵکی ئەو کاتە نەزانترە؟ یان..... یان..... یان.....؟ ئەوان هەرجۆر بیر بکەنەوە و هەرچی بیڵێن ئەو ڕاستی‌یە ناگۆڕێ کە کۆمۆنیزم و سۆسیالیزمی مەوجوود (بە قەولی لایەنگرانی سۆسیالیزم) هەرەسی هێناوە و لە گۆڕەپانی تاقیکردنەوە دا لە کڵ دەرنەچووە و ئاکامی تاڵ و دڵتەزێنی دەیان ساڵ دەسەڵاتی ئەو سیستەمە دەریخست کە کۆمەڵانی بەشەر بەبێ ئازادیی و ڕێزی مرۆڤ تەسەل و قاییل نابن و هەستی نەتەوایەتیی و بیروباوەڕی مەزهەبی و فەرهەنگ و داب‌ونەریتی هەموو کەس و هەموو گەلێک شیاوی ڕێزە و ئیرادەی مرۆڤ لە هەموو تیئۆری و دەسەڵاتێک بەهێزترە و بەرنامەی دروستی ژیان ئەو بەرنامەیە کە بەشەر بە ئیرادە و ئیختیاری خۆی و لە فەزایەکی بە تەواوی ئاواڵە دا هەڵی دەبژێرێ نەک ئەوەی کە بەسەریدا دەسەپێ. بێگومان چەرخی پێشکەوتن و گەشەکردن بەرەو دوا ناگەڕێتەوە و ڕەوتی دێموکراتیزاسیۆن بەرە بەرە پەرەگرتووتر و بەپەلەتر درێژەی دەبێ و ئێمەش ڕەگەڵ ئەو کاروانە دوور

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

و درێژه دەڕۆین کە پێمانوایە بەرەو لوتکەی بەختەوەری بەشەرییەت دەڕوا و خشت و خاڵ و درک و داڵی دواکەوتوویی و چاوبەست و فەساد و بێباوەڕی لەسەر ڕێگای ڕەوتی پێگەیەشتنی بەشەر ڕادەماڵێ. دوا پرسیار ئەوەیە کە ئایا کۆدەتای بێ ئاکامی ئەو دوایيانەی شووڕەوی و شوێنەوارەکانی، دەرسێکی تەواو نین بۆ ئەوانەی ئێستاش وە دوای کڵاوی خوار دەکەون ؟.

ئەم وتارە لە ژمارە **23** ی گۆڤاری **تێکۆشان** تایبەتی مانگی گەلاوێژی **1370** – ئۆگۆستی**1991** بڵاوکراوەتەوە و لە نووسینی **مامۆستای شەهیدمان مامۆستا خدر عەبباسی**یە. بەڵام لەبەر گرنگیی و زیندوویی بابەتەکە بەپێویستمان زانی لەماڵپەڕەکەماندا بڵاوبکرێتەوە.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com